# فرانز فانۆن

فرانز فانۆن فەیلەسوف و دەروونناس و نووسەر و شۆڕشگێری فەرەنسی بەرەگەز جەزائیری ،وەک بیریارێکی بوونگەرایی مرۆڤانەی رادیکاڵ ناسراوە و کار و بەرهەمەکانی لە بوارەکانی پاش کۆلۆنیالیزم ، تیۆری رەخنەگرانە ، و مارکسیزم ،زۆر پر بایەخن.

فانۆن 1925/7/20 لە لەدایک بووە، خێزانەکەی بوونەتە رێخۆشکەر بووە، بنە بەشێک لە لەتەمەنی 18ساڵیدا لەگەڵ سوپای لە جەنگی جیهانی دووەمدا جەنگاوە. و زانکۆ تەواو دەکات و شارەزایی لە پەیدا دەکات. دواتر سەرقاڵی کار رۆژی 1961/12/6 کۆچی تەمەنێکی کورت ژیاوە، بەڵام بەخشیوەتە بزوتنەوە ئازادیخوازەکانی بیری سەرەکی فەلسەفەی فانۆن بە کۆلۆنیالیزم و ئاشنابوون بە بەمەش کارەکانی و دەقەکانی لەدروستکردن و ئاراستەکردنی گەلان داگیرکەران بۆ رزگاربوون لێیان.




کۆلۆنی مارتینکی فەرەنسی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی کە چینی بۆرجوازی رەشپێستەکان. وڵاتەکەی دژی نازییەکان دوای تەواوبوونی جەنگ بەکالۆریا دەروونناسی و پزیشکی و ئەدەبدا و نووسین و گەران دەبێت و لە دوایی دەکات. هەرچەندە فانۆن ژیان و بەرهەمەکانی ئیلهامیان دژە کۆلۆنیالیزم لە دنیادا. بریتیە لە باسکردن لە کۆتاییهێنان سایکۆلۆژییەتی کۆلۆنیالیزم، کاریگەری گەورەیان گێراوە ، بەتایبەتی گەلانی ئەفریقیا، دژ بە

لەیەکەم نوسیندا کە ناوی *Black Skin, White Masks* ( پێستی رەش ، دەمامکی سپی – )ە فانۆن بیروبۆچوونەکانی دژی هەریەک لە رەش پێست و سپی پێستەکان دەردەبرێت بەرامبەر ئەوهەوڵانەی دەیدەن ،بۆ تواندنەوەی ئەوی دی لەناو یەکتریدا. لەم کارەیەدا فانۆن دەیەوێت تێگەیشتنێکی مرۆڤانە دەربارەی رەنگ و رەگەزە جیاوازەکان دروستبکات، هەروەها لە هەریەک لە ( کۆلۆنیالیزمی مردوو – *A Dying Colonialism*) و (خەمناکی زەوی – *The Wretched of the Earth*) رەخنە لە بیرکردنەوە و بیانووەکانی ئەوروپییەکان دەگرێت، کە پێیانوایە شارستانیەت و کلتوری ئەوروپی ستانداردێکی گەردوونیە و بەمەش حەق بەخۆیان دەدەن خاک و کەرامەتی خەڵکانی دی داگیربکەن. لەو کارانەیدا فانۆن بە توندی پێداگیری دەکات لە مافی گەلانی داگیرکراو بۆ بەکارهێنانی تەندوتیژی بۆ رزگاربوونیان لە داگیرکەران و بەدەستهێنانی سەربەخۆییان. بە بۆچوونی ئەو، ئەو کەسانەی رێز بۆ بوونی مرۆڤ دانانێن، ناکرێت بنەماکانی مرۆڤایەتیان لەگەڵ جێ بەجێبکرێت. لەکۆتایدا پێویستە ئەوە بووتریت کە فرانز فانۆن لایەنگری جەزائیرییەکان بووە دژی فەرەنسییەکان و ئەندام بووە لە بەرەی ئازادیخوازی نیشتمانی جەزائیری.

هەندێک وتەی فرانز فانۆن:

- ئەی جەستە، هەمیشە بمکە بەو مرۆڤە کە پرسیار دەکات.
- گرنگترین بەها بۆ گەلانی داگیرکراو خاکەکەیانە، چونکە سەرچاوەی نان و کەرامەتیانە.
- تەمەڵی لە داگیرکاری خراپترە.

ئا. شاسوار کەمال مەحمود

سەرچاوەکان:

1. http://en.wikipedia.org/wiki/Frantz_Fanon
2. /http://www.iep.utm.edu/fanon
3. http://www.goodreads.com/author/quotes/37728.Frantz_Fanon